


Preview sample - page 1 of 12 - Soran University Academic Digital Library

فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

کۆتایی فەلسەفەو ئەرکی بیرکردنەوە

- **بابەت:** لێکۆڵینەوەی فەلسەفی
- **ناوی نووسەر:** مارتین هایدگەر
- **ناوی وەرگێڕی عەرەبی:** وەعەد عەلی ئەلڕەحبیە
- **ناوی وەرگێڕی کوردی:** ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

بەراورد کراوەتەوە بە دەقی ئەڵمانی

- **تایپ و هەڵەچنی:** وەرگێڕ
- **نەخشەسازی :** محمد حسێن خەتی
- **بەرگ:** ئیبراهیم صالح
- **بڵاوکراوەی:** ناوەندی فێربوون
- **زنجیرە:** ٩٢
- **نۆرەی چاپ:** یەکەم
- **ساڵی چاپ:** ٢٠١٩
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **ژمارەی لاپەڕە:** ٩٤ لاپەڕە
- **ژمارەی وشە:** ١٣,٥٠٠
- **نرخ:** ٣,٠٠٠ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (٩٢١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 12 - Soran University Academic Digital Library

مارتین هایدگەر

کۆتایی فەلسەفەو ئەرکی بیرکردنەوە

وەرگێڕانی

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

بەراورد کراوەتەوە بە دەقە نەڵمانیەکە

چاپی یەکەم

٢٠١٩

Preview sample - page 3 of 12 - Soran University Academic Digital Library



فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون – ژمارە (٩٢)

ناونیشان / هەولێر بازاڕی کتێب فرۆشان – بەرامبەر دەرگای قەڵا

٠٧٥٠٤٠٤٨٢٨٥ - ٠٦٦٢٢٣١٣١٥

f.b: ktebxanay ferbwn

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە، بەبێ ڕەزامەندی ناوەندی فێربوون هیچ لایەنێک ڕێپێدراو نیە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە بەشێوەی: ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەر گرتنەوەی

Preview sample - page 4 of 12 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی وەرگێڕی کوردی

(١)

"بەڕاستی دانبەوەش دادەنێم، کە تا ئێمڕۆش لەکتێبی (بوون و کات Sein und Zeit) تێنەگەیشتووم". هێرمانی کوربە گەورەکەی هایدگەر.

ئیشکردن لەبارەی فەلسەفەی هایدگەرو، وەرگێڕانی دەقەکانی هایدگەر کارێکی سەخت و دژوارو قورسە، بەڵام خۆشی و چێژی تایبەتی خۆیشی هەیەو دەرگامان بەسەردا دەکاتەوە بۆ چوونە نێو جیهانی فراوانی بیرکردنەوەی فەلسەفی. ئەو دەرگایەی هایدگەر بەسەر کرانەوەی بیرکردنەوەی ئەوروپی و جیهانیدا کردوویەتییەوە، دەرگایەکی گەورەو فراوانە، چەندین بیریارو فەلسەفەکار لەسەرتاسەری جیهان، دوای کرانەوەی ئەم دەرگایە، ڕۆچوونەتە ناوییەوە، بۆیە تا ئێمڕۆش ئیشکردن لەسەر دەق و نووسین و بیرکردنەوەو بایۆگرافیای ژیانی هایدگەر، بایەخێکی زۆری هەیە.

ئەو کارەی ئێمە لێرەدا کردوومانە، بریتییە لەتەواوکردنی هەندێك کارو پڕۆژەیەکی بچووك بۆ ئیشکردنی جۆراوجۆرو فرە ڕەنگ لەبارەی

Preview sample - page 5 of 12 - Soran University Academic Digital Library

هایدگەر، ئینجا ئەوە لەمیانەی وەرگێڕانی هەندێك لەکتێب و دەقەکانی هایدگەر بێت، یا لەمیانەی وەرگێڕانی هەندێك کتێب و لێکۆڵینەوە بێت کە لەلایەن بیریارو نووسەرانەوە لەبارەی هایدگەرو کارەکانی نووسراون و، ئێمەش دەیانکەینە کوردی، یا لەمیانەی نووسین و لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆمان لەبارەی هەندێك بابەتە گرنگەکانی نیێو ئیشکردن و بیرکردنەوەی هایدگەر. هەموو ئەوانە، بەشێکن لەهەوڵێکی بچووکی ئیشکردن لەسەر هایدگەر، کە بێگومان خەڵکێك پێش ئێمە دەستیان پێکردووەو، بەدڵنایییەوە خەڵکانێکی زۆریش دوای ئێمە دێن کاری لەسەر دەکەن.

(٢)

وەکو بیرخستنەوەیەك بۆ ئەم کارو پڕۆژە بچووکەی ئێمە ئیشمان لەسەر کردووە، دەتوانم لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئێمە تا ئێستا، بەم کتێبەی بەردەستمانەوە، پێنج کتێبی هایدگەرمان لەعەرەبییەوە کردۆتە کوردی و بڵاوکراونەتەوە، کە بریتین لە (فەلسەفە چییە؟) و، (میتافیزیکا چییە؟) و، (هیومانیزم) و، (کۆتایی فەلسەفەو ئەرکی بیرکردنەوە) و، (سەبارەت بەبابەتی بیرکردنەوە) بوو.

ئینجا دوو کتێبیشمان کە لەبارەی هایدگەر نووسراون، کردۆتە کوردی، کتێبی (هایدگەرو چاکسازی لەزانکۆ) و، کتێبی (بنچینە فەلسەفی و سیاسییەکانی نازیزم لەلای هایدگەر)، هەروەها کتێبی (فەلسەفەکارو

Preview sample - page 6 of 12 - Soran University Academic Digital Library

سیاسەت) یشمان کردۆتە کوردی کە دوو وتوویێژی لەگەڵ هایدگەر تێدایە. کتێبێکی تایبەتیشمان لەبارەی پێوەندی هایدگەر بەسیستەمی نازی نووسیوە بەناوی (هایدگەرو نازیزم).

(فەلسەفە چیيە؟) لەگەڵ (میتافیزیکا چیيە؟)، لەلایەن دەزگای ئایدیا لەسلێمانی ساڵی (٢٠١٧) بەیەک کتێب چاپ و بڵاوکراونەتەوە، ئەگەرچی لەئەسڵدا ئێمە وەکو دوو کتێبی جیاواز بۆمان ناردبوون، بەڵام دیارە برادەرانی دەزگای ئایدیا، پێیان باشبووە پێکەوە لەیەک کتێبدا کۆیان بکەنەوە، چونکە هەردووکیان زۆر درێژ نین.

کتێبی (هیومانیزم) ی هایدگەریش دیسان هەر لەلایەن دەزگای ئایدیا لەساڵی (٢٠١٨) دا بڵاوکراوەتەوە، ئەویشمان وەکو کتێبێکی سەربەخۆ بۆ ئایدیا ناردبوو، بەڵام پێکەوە لەچوارچێوەی کتێبێکی گەورە، لەگەڵ وتاری چەند نووسەرێکی تر، بەهەر هەمان ناونیشانی سەرەکی کتێبەکەی هایدگەر بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها ئێمە وتارێکی تری هایدگەریشمان کردۆتە کوردی بەناوی (بۆچی حەز دەکەین لەگوند بمێنینەوە؟) لەژمارە (٤٧) ی گۆڤاری (نما) بڵاوکردۆتەوە. لەژمارە (٤٨) ی ئەم گۆڤارەشدا، وتارێکمان لەبارەی پێوەندی هایدگەر بەنازییەت بڵاوکردۆتەوە بەناوی (هایدگەرو نازییەت: چ پرسێك؟). لەژمارە (٤٩) ی گۆڤاری (نما) شدا، دیدارێکمان لەگەڵ هێرمان هایدگەری کوڕی گەورەی مارتین هایدگەر بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (باوکێکی میهرەبان بوو).

Preview sample - page 7 of 12 - Soran University Academic Digital Library

دوو دیداری هایدگەریشمان لەعەرەبییەوە کردۆتە کوردی لەکتێبێکدا بەناوی (فەلسەفەکارو سیاسەت)، لەلایەن دەزگای ئایدیا لەسلێمانی ساڵی (٢٠١٧) بڵاوکراوەتەوە. هەروەها کتێبێکی تریشمان لەدەزگای ئایدیایە، بەهیوای ئەوەی دەرفەتێك بێتە پێش بەم نزیکانە بڵاوبکرێتەوە بەناوی (هایدگەرو چاکسازی لەزانکۆ)، کە لەلایەن ئیسماعیل موسەدەقی نووسەری عەرەب نووسراوەو، ئێمەش لەعەرەبییەوە کردوومانەتە کوردی.

کتێبێکی تریشمان لەلایەن دەزگای ئاودێر لەساڵی (٢٠١٩) چاپکراوە بەناوی (بنچینە فەلسەفی و سیاسییەکانی نازیزم لەلای هایدگەر) کە لەنووسینی لێکۆڵەری میسری ڕەمەزان ئەلسەبباغەو، ئێمە لەعەرەبییەوە کردوومانەتە کوردی. هەروەها کتێبێکی تریشمان لەبارەی پێوەندی خۆشەویستی نێوان مارتین هایدگەرو هانا ئارێنت نووسیوە، خوێندنەوەو شرۆڤەیە بۆ نامەکانی نێوانیان و، وەرچەرخانی پێوەندی نێوانیان لەقۆناغە سەختەکەی نازیزمدا، بەهیوای ئەوەی ساڵی داهاتوو دەرفەتێك بێتە پێشەوە چاپی بکەین.

(٣)

کتێبی (هایدگەرو نازیزم) کە ئێمە نووسیومانەو لەلایەن کتێبخانەی فێربوون لەهەولێر هەر ئەم ساڵ (٢٠١٩) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، تایبەتە

Preview sample - page 8 of 12 - Soran University Academic Digital Library

بەخوێندنەوەو شرۆڤەکردنی پێوەندی مارتین هایدگەری فەلسەفەکارو بیریار، لەگەڵ سیستەمی نازیدا، ئەو پێوەندییەی تا ئێستاش زۆرترین قسەی لەبارەیەوە دەکرێت و هەمیشە شتی تازەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتی تازەی لەبارەیەوە دەردەکەوێت.

لەڕاستیدا، قسەی زۆرو نووسینی زۆریش، لەبارەی پێوەندی نێوان هایدگەرو سیستەمی نازی کراوە، بەڵام زانیاری کەمیش لەم بارەیەوە هەن. بەشێکی زۆری ئەم قسەو نووسینانە، شرۆڤەو ڕاڤەکردنن بۆ هەڵوێست و نووسینەکانی هایدگەر، بەشێکی زۆر کەمی بەڵگەو دۆکیۆمێنتی فەرمین، ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانەش بڵاونەکرابوونەوە، تەنیا دوای مردنی خۆی نەبێت.

بەشێك لەم دۆکیۆمێنتانە، لەنێو ئەرشیفی زانکۆی فرایبۆرگ و، ئەرشیفەکانی تری زانکۆکانی ئەلمانیا لەنێو ئەرشیفی نیشتیمانی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی پارێزراون، زۆر کەمیش نووسەرو توێژەران توانیویانە بگەڕێنەوە سەریان و ئیشیان لەسەر بکەن، مەگەر لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە نەبێت، هەندێك هەوڵ لەلایەن بەشێك لەتوێژەران لەم بارەیەوە هەبوون. بەڵام، ئەوەی جێگای بایەخە، بریتییە لەبڵاوکردنەوەی (دەفتەرە ڕەشەکان) ی هایدگەر لەلایەن هێرمان هایدگەری کوڕییەوە، ئەم دەفتەرە ڕەشانەش چەندین بەڵگەو نامەو دۆکیۆمێنتی گرنگی تازەیان لەخۆ گرتووە، بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم دەفتەرانە، دیسان ئەم پرسە هاتۆتەوە ئارا.

Preview sample - page 9 of 12 - Soran University Academic Digital Library

(٤)

ئەوانەی خستمانە ڕوو، ئەو هەوڵ و کۆششانەی ئێمە بوون، لەمیانەی کارکردنی چەند ساڵی ڕابردوو و ئێستامان لەسەر دەق و فەلسەفەی هایدگەر بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام بێگومان خەڵکانێکی تریش هەن، کاری گرنگیان لەبارەی هایدگەر بەکوردی کردووەو پێم خۆشە لەم پێشەکییەدا وەکو ڕێزو ستایشێك بۆ کارەکانیان، ئاماژەیان بۆ بکەم:

- د. محەممەد کەمال کتێبی (بوون و کات) ی لەئینگلیزییەوە کردۆتە کوردی و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەساڵی (٢٠١٣) بڵاوکراوەتەوە، هەروەها کتێبێکیشی لەبارەی فەلسەفەی هایدگەر نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە بەناوی (هایدگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی).
- د. حەمید عەزیزیش چەند وانەیەکی هایدگەری لەبارەی میتافیزیکا لەئەلمانییەوە کردۆتە کوردی و بڵاوی کردۆتەوە.
- ئیسماعیل کورده کتێبێکی لەبارەی هایدگەر کردۆتە کوردی بەناوی (مارتین هایدگەر) کە دووجار چاپکراوە، چاپی یەکەمی لەلایەن سەنتەری (نما) لەساڵی (٢٠٠٣) دا بڵاوکراوەتەوە، چاپی دووەمیشی لەلایەن دەزگای ئاراس لەساڵی (٢٠١١) چاپکراوەتەوە.
- شوان ئەحمەد کتێبی (مارتین هایدگەر) ی لەعەرەبییەوە وەرگێڕاوەو، لەلایەن دەزگای ئایدیا لەساڵی (٢٠١٨)

Preview sample - page 10 of 12 - Soran University Academic Digital Library

بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەنێو کتێبێکدا گفتوگۆیەکیشی لەگەڵ د. محەممەد کەمال ساز کردووە بەناوی (فەلسەفەی مارتین هایدگەر).

- کاوە جەلال کتێبێکی لەئەلمانییەوە کردۆتە کوردی بەناوی (لەبارەی مارتین هایدگەر)، لەکۆمەڵێك وتار پێکدێت کە لەبارەی هایدگەر نووسراون و ساڵی (٢٠١٢) لەلایەن هەردوو گۆڤاری کۆنسێپت و ڕێبازی نوێ پێکەوە چاپکراوە.

ئەوانە بەشێکن لەو ئیشانەی لەبارەی فەلسەفەی هایدگەر کراون، دڵنیام ڕەنگە ئەم نووسەرانە خۆیان کاری تریشیان لەبارەی هایدگەرەوە کردبێت کە من ئاگام لێیان نییە. بەدڵنیاییەوە خەڵکی تریش ئیشیان لەسەر هایدگەر کردووە، ڕەنگە ئێمە نەمانزانیبێت و ئاگادار نەبین و بەرچاومان نەکەوتبێت، بۆیە داوای لێبوردن لەم وەرگێڕو نووسەرانە دەکەم کە ناوم نەهێناون.

Preview sample - page 11 of 12 - Soran University Academic Digital Library

فەلسەفە بریتییە لەمیتافیزیکا، چونکە لەمیانەی هەمەکییەتەوە بیر لەهەموو ـ جیهان، مرۆڤ، خوا دەکاتەوە، ئەوەش لەسایەی تیرامان لەبوون وەکو ئەوەی بریتی بێت لەئینتیمای هەبووەکان بۆ بوون. میتافیزیکا وا بیری لەهەبووەکان کردۆتەوە، بەو سیفەتەی هەبوونکن لەمیانەی وێناکردنی هۆکارگەراییەوە بوونیان هەبوو بێت، چونکە هەر لەسەرەتای فەلسەفەوە لەگەڵ ئەم سەرەتایەدا، بوونی هەبوو بەسیفەتی پرنسیپ و بنچینەو بنەمایەک بەرجەستە بووە.



MARTIN
heidegger

بەرگ : ئەبرا هیم سالح

لە بلاوکراوەکانی چاپەندی فیرموون
هەولێر - بازاری رۆشنبیری - نزیک پارێزگا
07504048285 - 0662231315
FERBÛN

Preview sample - page 12 of 12 - Soran University Academic Digital Library